وەزارەتی دارایی هەرێم بەشێك لە داهاتی ناوخۆیی رادەستی بەغدا کرد

وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ چوارشەممە بڕی زیاتر لە 51 ملیار و 895 ملیۆن و 457 هەزار دیناریان لە داهاتی نانەوتی هەرێم بۆ مانگی (کانونی دووەم/1)ی 2025 خستووەتە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی فیدراڵ.

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی (کانونی دووەم/1)ی ساڵی 2025 بڕی 51 ملیار و 895 ملیۆن و 457 هەزار و 877 دیناریان بەشێوەی کاش خستووەتە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لەلقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.

رادەستکردنی بەشێك لە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی هەردو حکومەتی هەرێم و عێراق دێت بۆ ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم بەشێوەی مانگانە و بەتایبەت موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

پێشتریش سۆران عومەر ئەندامی پەرلەمانی عێراق رایگەیاندبو، وەزارەتی دارایی عێراق لەگەڵ لیستی موچەی مانگی یەک، دو داواکاری بێفەرمی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کردوە، داوای زانیاری

فەرمانبەرانی بۆ ته‌وتینی موچە بەپێی بڕیاری دادگای فیدڕاڵی کردوە، هەروەها داوای داهاتی نانەوتیشی کردوە".

ئاماژه‌ی به‌وه‌شکردوه‌، پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان زامنی بەردەوامی موچەیە بۆ ساڵی 2025، "ئەمە ڕێکەوتنەکەیە و جێی دەستخۆشیە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت".